*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.5, 2024, Pages (123-142)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.8.5.7**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**
**Journal of Language Studies**
**Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS**

# "Language Style in Kurdish Poems of Safi Hirani"

**Dr. Amir Muhammad Muhammadamin** *
**Department of Kurdish, College of Education, Makhmur, Salahaddin University**
**Amir.muhammadamin@su.edu.krd**

**Received:** 16/ 2/ 2024, **Accepted:** 25/3 /2024, **Online Published: 31/ 5 / 2024**

## Abstract

This research paper which is entitled "Language Style in Kurdish Poems of Safi Hirani", studies some theoretical linguistic aspects besides the uses of linguistic forms in Safi Hirani's poems. Therefore, Safi's language style can be recognized by the various language components used in his poems. He used some special Kurdish words of his owns in the lines of his poems and arranged them in a style that gives an attractive and wonderful musical tone to the poem.

This research adopted descriptive analytical approach related to Swiss stylistic school and the elements of this study are composed of Safi Hirani's Kurdish poems. This research includes an introduction, two sections, conclusion, bibliography, and the abstract of the research in Arabic and English languages. Accordingly, the content of this study is as follows:

Section one covers some aspects of stylistics and the functions of stylistic language, introduction, history of stylistics, definition of stylistics from the perspective of language, the relation between linguistic stylistic and sociolinguistics, linguistic structures of Safi Hirani, reaching the summit, confirmation, terminology and grammatical deviation. Section two includes language styles of Safi Hirani, language style, types of language style, informative (declarative) language style, compositional language style, interrogative

* **Corresponding Author**: Dr. Amir Muhammad**, Email:** Amir.muhammadamin@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

language style, imperative language style, wishful thinking language style, appeal language style and negative language style.

**Keywords:** Safi Hirani, language stylistics, linguistic components, Kurdish poems, grammar

## (الأسلوب اللغوي في أشعار صافي الهيراني الكوردية)

الدكتور المدرس  أمير محمد محمدأمين

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية _ مخمور، جامعة صلاح الدين**

**الـمـسـتـخـلـص**

هذه الدراسة الموسومة بـ (الأسلوب اللغوي في أشعار صافي الهيراني الكوردية) على الرغم من دراستها لبعض جوانب نظرية لعلم الأسلوب اللغوي, فأنها تعرض جوانب لأستعمال الأساليب اللغوية في أشعار الشاعر, وتوظيفه للأساليب اللغوية المتباينة، إذ إن أشعار صافي الهيراني تحمل سمات لغوية مميزة، منها توظيفه بعض المفردات الخاصة به، إلى جانب سعيه وراء التناسق بين المفردات اللغوية من أجل تشكيل إيقاع شعري مميز.

وفيما يخص منهج الدراسة فإنها اعتمدت المنهج الوصفي التحليلي وفق مدرسة علم الأسلوب اللغوي السويسرية، والأشعار الكوردية لصافي الهيراني تشكل المادة الأساسية للدراسة, وجرت الدراسة وفق خطة مكونة من فصلين تسبقهما مقدمة وتليهما نتائج الدراسة مع ملخص لها باللغتين العربية والإنجليزية، يتضمن الفصل الأول بعض الجوانب الأسلوبية ووظائف علم الأسلوب اللغوي, الأسلوبية ونشأتها، تعريف علم الأسلوب اللغوي، العلاقة بين علم الأسلوب اللغوي وعلم اللغة الإجتماعي، والتراكيب اللغوية لصافي الهيراني كالمدارية اللغوية, والتكرار، والانزياح، أما الفصل الثاني فيتضمن الموضوعات الآتية: الأساليب اللغوية لدى الشاعر، أنواع الأساليب اللغوية، أسلوب لغة الإخبار، وأسلوب لغة الإنشاء، وأسلوب لغة السؤال، وأسلوب لغة الأمر، وأسلوب لغة التمني، وأسلوب النداء وأسلوب النفي.

**الكلمات الدالة**: صافي الهيراني، الأسلوبية اللغوية، التراكيب اللغوية،  الأشعار الكوردية، القواعد اللغوية.

## شێوازی زمانی لە شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانیدا

د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین
زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر
کۆلیژی پەروەردە _ مخموور
بەشی زمانی کوردی

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازی زمانی لە شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانیدا)یە، هەر لێرەدا سەرەڕای ئەوەی هەندێ لایەنی تیۆری شێوازناسیی زمانی باسدەکات، لەهەمانکاتیشدا هەندێ

لایەن لە بەکارهێنانی شێوازە زمانییەکان لە شیعرەکانی سافیی هیرانیدا دەخاتەڕوو. هەربۆیە شێوازی زمانیی سافی لە شیعرەکانیدا بەوە دەناسرێتەوە، کە تایبەتی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی زمانی تیادایە، هەندێ وشەی کوردی تایبەت بە خۆی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا وشەکانی لە ناو دێڕە شیعرەکانیدا بە جۆرێك ڕێکخستووە، کە سەدا و مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخش بە شیعرەکە ببەخشێت.

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکاریی، بە پێی قوتابخانەی شێوازناسیی زمانی سویسری پەیڕەوکردووە و کەرەستەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە شیعرە کوردییەکانی سافیی هیرانی. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە و ناوەڕۆکەکەشی بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: پێکهاتووە لە: هەندێ لایەنی شێوازناسی و ئەرکەکانی شێوازناسیی زمانی، سەرهەڵدانی شێوازناسی، پێناسەی شێوازناسی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، پەیوەندیی شێوازناسیی زمانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەزمانییەکانی سافیی هیرانی، بەلوتکەکردن، دووپاتکردنەوە، وشەکاری و لادانی ڕێزمانی. بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: شێوازەزمانییەکانی سافیی هیرانی، شێوازی زمانی، جۆرەکانی شێوازی زمانی، شێوازی زمانیی هەواڵی، شێوازی زمانیی دارشتن، شێوازی زمانیی پرسیاری، شێوازی زمانیی فرمان، شێوازی زمانیی خۆزگەیی، شێوازی زمانیی بانگکردن، شێوازی زمانیی نەرێ.

**وشە کلیلەکان:** سافیی هیرانی، شێوازناسیی زمانی، پێکهاتەی زمانی، شیعرەکوردییەکان، ڕێزمان.

## پێشەکی:

سافیی هیرانی، وەك شاعیرێکی کلاسیك، جگە لە زمانی کوردی شیعری بە زمانی تر هۆنیوەتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنها شێوازی زمانی لە شیعرەکوردییەکانیدا دەخرێنەڕوو، بەم پێیەی سافی پەیڕەوەکارێکی مەرج و بنەماکانی شیعری کلاسیکییە، هەربۆیە خاوەنی تایبەتمەندی و ئەدگارە شیعرییەکانی و زمانی شیعری خۆیەتی و زمانی شیعری، وەکوو ئامرازێك بۆ خستنەڕووی بیر و شێوازی زمانی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (شێوازی زمانی لە شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانیدا)یە، هەر لەم چوارچێوەیەدا لایەنی بەکارهێنانی شێوازە زمانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی سافیی هیرانیدا دەخاتەڕوو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکاریی، بە پێی قوتابخانەی شێوازناسیی زمانیی سویسری پەیڕەوەکردووە.

## کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە:

کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە، لە شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانی، کە بە پێی پێویستی، توێژینەوەکەی پێ ئەنجامدراوە. هەر لەم ڕووەوە توێژەر هەوڵی دانانی سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان ڕیسا گشتییەکانی زمانەوانی و خاسیەتەکانی شێوازناسی دەدات و دەیەوێت لە ڕێگەی

شێوازناسیی زمانی، هەندێ لایەنی بەکارهێنانی شێوازە زمانییەکان لە شیعرەکوردییەکانی سافی هیرانیدا بخاتەڕوو.

**گرنگی و پرسیاری ئەم توێژینەوەیە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تاکوو ئێستا توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە بۆ شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانی نەکراوە و پرسیاری توێژینەوەکەش ئەوەیە:

_ ئایا سافیی هیرانی یاسا و ڕێسای سینتاکسی کوردی لە شیعرەکوردییەکانیدا پەیڕەوکردووە؟

_ ئایا سافیی شاعیر لە شیعرەکوردییەکانیدا وشەکاری و لادانی ڕێزمانی جێبەجێکردووە؟

_ ئایا جۆرەکانی شێوازی زمانی لە شیعرەکوردییەکانی سافیی هیرانی ڕەنگیداوەتەوە و پراکتیزەکراوە؟

**ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، ناوەڕۆکەکەشی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: پێکهاتووە لە: هەندێ لایەنی شێوازناسی و ئەرکەکانی شێوازناسیی زمانی، دەروازە، سەرهەڵدانی شێوازناسی، پێناسەی شێوازناسی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، پەیوەندیی شێوازناسیی زمانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەزمانییەکانی سافیی هیرانی، بەلوتکەکردن، پاتکردنەوە، وشەکاری و لادانی ڕێزمانی.

بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: شێوازەزمانییەکانی سافیی هیرانی، شێوازی زمانی، جۆرەکانی شێوازی زمانی، شێوازی زمانیی هەواڵی، شێوازی زمانیی داڕشتن، شێوازی زمانیی پرسیاری، شێوازی زمانیی فرمان، شێوازی زمانیی خۆزگەیی، شێوازی زمانیی بانگکردن، شێوازی زمانیی نەرێ.

**بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی شێوازناسی و ئەرکەکانی شێوازناسیی زمانی:**

## 1_1_ سەرهەڵدانی شێوازناسی Stylistics:

هەر لە کۆنەوە مێژووی سەرهەڵدانی چەمك و زاراوەی شێوازناسی بۆ ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە، بۆ (ساڵی 1875ز، کە (فون درجبلنتس) زاراوەی شێوازناسی بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی لادانە زمانییەکان و ڕەوانبێژی لە نووسینی ئەدەبی بەکارهێنا)(ذریل, 2006: 131). واتە؛ ئەوروپییەکان سەرەتا شێوازناسییان بۆ خستنەڕووی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەکارهێناوە، دواتر (چارڵس بالی Charles Bally لەساڵی 1902ز ڕێساکانی شێوازناسی ڕێکخست، هەر وەکوو پێشتر مامۆستاکەی فردیناند دی سۆسێر، زمانەوانیی نوێی جێگیرکردبوو)(المسدی، 2006: 21). بەم شێوەیە (شێوازناسیی بالی، کە سەرچاوەکەی لە قوتابخانەی زمانەوانیی سۆسێر وەرگرتووە،

ئاراستەکەی پرۆگرامێکی وەسفییە و لە دەقدا بە دوای بنیادی زمانی و ئەرکەکانی ئەو بنیادە زمانییە لە ناو سیستەمێکی زمانیدا دەگەڕێت)(عەبدوڵڵا، 2010: 34). بەم پێیە شێوازناسی دوای جێگیربوونی، وەکوو زانستێکی خاوەن یاسا و ڕێسای خۆی، هەنگاوی نوێی بەخۆیەوە بینی. هەربۆیە (س. ئۆڵمان Stephen (Ullman لە ساڵی 1969ز پیرۆزبایی ئەوە دەکات، کە شێوازناسی بۆتە زانستێکی زمانەوانی و دەڵێت: (شێوازناسیی ئەمڕۆ زیاتر بریتییە لە هونەرێکی زمانەوانیی ورد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زانستە لە بنەڕەتدا پرۆگرام و زاراوەکانی بۆ بواری زمانەوانی دانەنراوە، بەڵام ئەو توێژینەوانەی لە بارەی شێوازناسی دەکرێن، چاکەکەی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە و بوارەکانی زمانەوانیشی لەگەڵدایە)(المسدی، 2006: 24). بەم پێیەی ڕەخنەی ئەدەبیش بەشێکە لە زمان و بەرهەمەکانی بە زمان دەردەبڕدرێت، هەر لەم ڕووەوە (توێژەری شێوازناسیی زمانی، هەوڵی دانانی سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان ڕیسا گشتییەکانی زمانەوانی و خاسیەتەکانی شێوازناسی دەدات)(ئەحمەد، 2009: 48). کەواتە؛ ئەمڕۆ دەتوانرێت، کەڵك لە بنەماکانی شێوازناسی بۆ بوارە جیاجیاکاتی تر، وەك بواری ئابوری، جوگرافی، سیاسیی و زمانی، وەکوو شێوازناسیی زمانی وەربگیرێت.

### 1_2_ پێناسەی شێوازناسی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە:

شێوازناسی بەهۆی ئەوەی زۆر بواری جیاجیا لەخۆدەگرێت، لە هەر بوارێکیشدا پێناسەی جیاوازیشی بۆ کراوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، چەندین پێناسەی هەمەجۆری بۆ کراوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەم پێناسانە دەکەین:

_ شێوازناسیی زمانی (لێکۆڵینەوە لە شێوە و ڕێبازی دەربڕین دەکات، دەربارەی بیر بە هۆی زمانەوە)(فضل, 1998: 134).

_ (شێوازناسی، زانستێکی زمانەوانیی نوێیە، توێژینەوە لە هۆکارەکانی زمانەوانی دەکات، کە ئەویش گوتاری ئاسایی، یان ئەدەبی تایبەت بە دەربڕین و هۆنراوە وەردەگرێت، کە لەیەکتربییەوە جیاوازن)(ذریل, 2006: 131).

_ (شێوازناسیی زمانی بریتییە لە جیایی سیستیماتیکی لە نووسین و ئاخاوتندا)(ناوخۆش، 2014: 306).

بەم شێوەیە لەگەڵ هەبوونی ئەم پێناسانە، دەکرێت، پێناسەیەکی تری شێوازناسیی زمانی بخەینەڕوو.

_ شێوازناسیی زمانی لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی زمانی و ئەرکەکانی ئەو بەرهەمە گوتراو و نووسراوانە دەکات، کە شێوازێکی زمانیی جیاواز لە ناو پەیڕەوی زمانێکی دیاریکراودا نیشاندەدات.

بۆ ئەم مەبەستە (بونیادی زمان لە ڕوانگەی شێوازناسیدا گرنگییەکی زۆر بە ئاستەکانی ناوەڕۆك و شێواز و زمانی شیعر دەدات)(مەحموود، 2012: 134). واتە؛ ڕۆنانی زمانی ڕۆڵێکی بنجی لە خستنەڕووی چەمك و شێوازی زمانیی شیعردا دەبینێت، بەم شێوەیە؛ لە ڕێگەی شێوازناسیدا بە شێوازناسیی ئەدەبی و شێوازناسیی زمانییەوە، هەموو شێوازەکانی گوتن و نووسین دەستنیشاندەکرێن و ڕەگەز و بنەماکانی ئەم گوتن و نووسینانە ئاماژەیان پێ دەکرێت، هەر لەم ڕووەوە لایەنی لێکچوون و جیاوازییان بەراوردەکرێت و تێبینییەکان دەخرێنەڕوو.

**1_3_ پەیوەندیی شێوازناسیی زمانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:**

بە هۆی ئەوەی زمان پەیوەندییەکی بەتینی بە کۆمەڵگەوە هەیە، ئاخێوەران کۆمەڵگەی زمانی پێکدەهێنن و خاوەندارێتی زمان بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، ئەمەش وایکردووە، کە پەیوەندی لە نێوان شێوازناسیی زمانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی Sociolinguistics دروستببێت. لەم ڕووەوە (شێواز یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی، کە دەچێتە ناو زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و هەر کەسێك کاتێك دەنووسێت، یان قسە دەکات، شوێنکەوتەی شێوازێکە بە هی کەسێکی تر ناچێت و ئەویش بەهۆی گەلێك هۆکارەوە، ئینجا ڕەنگە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبژاردەکانی شێوازناسی ببنە هۆی ناسینەوە و جۆری ئاخاوتنەکە، یان نووسینەکە)(فارع و أخرون،2003: 293). واتە؛ هەر کەسێك چ لە کاتی ئاخاوتن، یاخود نووسیندا لە هەڵبژاردنی یەکەکانی زمانیدا ئازادە، کە چ وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك بە پێی ئەو بار و دۆخەی، کە تێیدایە، بەکاریبهێنێت، دواتریش ئەم یەکە زمانییانە بە مەبەست بۆ شێوازی تایبەتی خۆی بەکاریدەهێنێت، ئینجا ئەم شێوازەش لە کاتێك بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بەم شێوەیە هەر کەسێك دەبێتە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە کۆمەڵگەدا.

هەربۆیە هەر کەسێك لە کاتی نووسین و ئاخاوتندا خاوەنی شێوازەمۆرە[1] خۆیەتی. ئەم شێوازەمۆرەش لە لایەن شێوازناسەکان بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بنەماکانی شێواز و شێوازی کەسەکە دەناسرێتەوە. بەهەمان شێوەش دیالێکت و زمانەکانیش خاوەنی شێوازەمۆری تایبەت بە خۆیانن، کە شێوازەمۆرەکانیان لە یەکتر ناچن و جیاوازن، هەربۆیە لە بەرهەمی ئەدەبیەکانیشدا، بۆ نموونە شاعیران لە بەرهەمهێنانی شیعرەکانیاندا خاوەنی شێوازی خۆیانن، ئەو شێوازەش بە شێوازی زمانی ناودەبرێت.

**1_4_ پێکهاتەزمانییەکانی سافیی هیرانی:**

سافیی هیرانی، وەکوو هەر شاعیرێکی تر یەکە زمانییەکانی بریتییە لەو دەنگ و وشە و پێکهاتە زمانییانەی، کە بە ئامانجی گەیاندنی پەیامی شیعرەکانی بەکاریاندەهێنێت. بەم پێیە قوتابخانەی شێوازناسیی سویسریی بالی بریتییە لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمانەوانی، کە لایەنی دەنگی، وشەسازی، پێکهاتەی گرێ و واتا لەخۆدەگرێت (دزەیی، 2012: 70). بۆ ئەم مەبەستە یەکە زمانییەکان نوێنەرایەتی هزری شاعیران دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە (دەربڕینی بیر بە واتا وردییەکەی، چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان و ڕۆنانە سینتاکسییەکانە)(فضل, 1998: 134). هەربۆیە (شاعیر پەنا بۆ فەرهەنگی ئاوەزیی خۆی دەبات و بە یارمەتی ڕێزمان گیان بە بەر زمانی شیعردا دەکات، بەم شێوەیە شیعرییەت بەند دەبێت بە فەرهەنگ و ڕێزمان، چونکە ڕێزمان بەشداری لە ڕۆنانی فەرهەنگی شاعیر دەکات)(دزەیی، 2012: 37_38). بەم پێیە سافیی هیرانی شاعیریش لە شیعرەکانیدا زۆر جار پابەندی یاسا سینتاکسیەکان دەبێت و کار لە سەر بەلوتکەکردن و دووپاتکردنەوە و وشەکاری دەکات، هەندێ جاریش پەنا بۆ لادانە ڕێزمانییەکان و ...هتد دەبات بە مەبەستی گەیاندنی پەیامە شیعرییەکەی.

**1_4_1_ بەلوتکەکردن:**

بەلوتکەکردن زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە تیایدا یەکەیەکی زمانی سەرەکی بە مەبەست، یان بێ مەبەست دێتە پێش یەکە زمانییەکانی تر، بەم شێوەیە (بەلوتکەکردن Topicalaziation پرۆسەی پێکهێنانی یەکەیەکی وەرگیراوە، کە تیایدا یەکەکە بە لوتکە Topic دەکرێت)( Matthews, 2011:

411). ئینجا ئەم یەکە زمانییە، کە بەلوتکە دەکرێت ئەرکە ڕێزمانییەکەی دەکرێت، بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، کار ...هتد بێت. واتە؛ ((بەلوتکەکردن دیاردەیەکە کە تیایدا هەندێ لە کەرستەکانی رستەیەك بە هۆی بەکارهێنانی پێکهاتوویەکی نیشانەکراو وەك لووتکەیەك هەڵدەبژێرێت یان تایبەت دەکرێت))(محەمەد، 2009: 259). واتە؛ بەدیارخستن و خستنەڕووی یەکەیەکی زمان لە بەشی پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەم یەکە زمانییە بەهەند وەربگیرێت، بۆ نموونە سافیی هیرانی دەڵێت:

کەی دەبی خۆت بێیە لامان دوڵبەری شۆخی خەرامان

تا بگا دەستم بە دامان دولبەرا دڵ بێ قەرارە (هیرانی, 2004: 194).

دەبوو، نیوە دێڕی دووەم بە شێوەی ئاسایی بەم شێوەیە بووایە (تا دەستم بە دامان بگا دولبەرا دڵ بێ قەرارە)، بەڵام شاعیر کاری (بگا...) هێناوەتە پێش (دەستم بە دامان...) بەم شێوەیە کاری (بگا...) بەلوتکە کردووە و هەر لەم دێڕەدا سافیی هیرانی پرسیاری لە دوڵبەرەکەی کردووە، کە کاتی هاتنەکەی پێ بڵێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شاعیر پەرۆشی بینینی دوڵبەرەکەی بووە، تاکوو دەستی بگات بە خۆشەویستەکەی، هەربۆیە سافی بە زیرەکانە ئەم کارەی کردووە و کاری (بگا...) بەلوتکە کردووە. لەهەمان کاتدا سافیی هیرانی وشەی پرسی (کەی) لە نیوە دێڕی یەکەمدا لە شێوازی زمانیی پرسیاری، بۆ پرسیارکردن بە مەبەستی زانینی کاتی هاتنی خۆشەویستەکەی بەکارهێناوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەچێتە چوارچێوەی شێوازی زمانیی پرسیاری، کە شاعیر لەم دێڕە شیعرەیدا سەرنجی بەرانبەرەکەی پێ ڕادەکێشێت. هەر لە ئەرکی بەلوتکەکردندا سافیی هیرانی دەڵێت:

غەمی خۆی بەس بوو (صافی) وا ئەمێستێ

دڵی غەمباریشی سەربارە بێ تۆ (سەرچاوەی پێشوو: 192).

سافی شاعیر لەم دێڕە شیعرەشیدا، لە نیوە دێڕی یەکەمدا بەشی گوزارەی (غەمی خۆی بەس بوو)ی هێناوەتە پێش بەشی نیهاد (صافی) و بەلوتکەی کردووە، واتە؛ بەشی گوزارەی بەلوتکەکردووە، کە دەبوو ئەم نیوە دێڕە بە شێوە ئاساییەکەی بەم شێوە بووایە (صافی غەمی خۆی بەس بوو...) واتە؛ ناوەکەی خۆی لە پێشەوە بووایە، بەڵام لێرەدا شاعیر ویستوویەتی غەمی خۆی بەس بوو بخاتەڕوو، بە بەرانبەرەکەی بڵێت، کە بە بێ تۆ من چەندە غەمبارم و دڵم هیچ خۆش نییە، چونکە تۆم لە لا نییە. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە سافیی هیرانی وەستایانە و شارەزایانە کاری لە سەر بەلوتکەکردن کردووە. بەم جۆرە شێوازی زمانیی سافی لە بە لوتکەکردندا، شێوازێکی زمانی تایبەتە بە خۆی هەیە، ئەوی پێ دەناسرێتەوە.

### 1_4_2_ دووپاتکردنەوە:

دووپاتکردنەوە، یاخود دووبارەکردنەوە زاراوەیەکی زمانەوانییە، نووسەران و شاعیران لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ، وشە، گرێ و ڕستەدا، جەخت لەو یەکە زمانییانە دەکەنەوە، ئەویش بۆ دەرخستنی مەبەست و شێوازە زمانییەکانیانە. هەربۆیە ((هونەری دووبارەکاری سەر بە شێوازگەرییە))(گەرمیانی، 2011: 117). لەم ڕوانگەیەوە شاعیران لە شیعرەکانیاندا یەکەیەکی زمانی بۆ چەند جارێك دووپاتدەکەنەوە، بەم شێوەیە ((دووبارەکاری شیعری بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك، یان وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك لەنێو هۆنراوەکە))(سەرچاوەی پێشوو). بەم پێیە شاعیران دووبارەکردنەوە بۆ دەرخستنی مەبەستێك لە

مەبەستەکانیان دەخەنەڕوو، هەر لەبەر ئەوە (دووپاتکردنەوە ئەوەیە لەدوای دەربڕینی مەبەست، وشە بۆ چەند جارێك لە سنووری دێری شیعردا بوترێتەوە بەهەمان واتای مەبەست))(گەردی، 2013: 290). لەم ڕووەشەوە دووبارەکردنەوە لە شیعرەکانی سافیی هیرانیدا بەرچاودەکەوێت و بە شێوازی جیاجیا بەکاریهێناوە، بۆ نموونە:

ئەم پەرچەمە پڕ چینە هەمووی عەسکەری چینە

بۆ غارەتی ماچینە کە ئەم چینە سوارە       (هیرانی, 2004: 197).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دێڕە شیعرەی سافیی هیرانی، لە دووپاتکردنەوەی دەنگدا، بە شێوەیەکی کارامەیی شیعرەکەی هۆنیوەتەوە، هەروەکوو لە دووپاتکردنەوەی فۆنیمی /ی/ لە وشەکانی (چینە، هەمووی، عەسکەری، غارەتی) دەبینرێت، حەوت جار فۆنیمی /ی/ دووبارەکردۆتەوە. هەروەها لە دووپاتکردنەوەی فۆنیمی /چ/ لە وشەکانی (پەرچەمە، چینە، ماچینە) دەبینرێت، پێنج جار فۆنیمی /چ/ دووپاتکردۆتەوە. لە پاتکردنەوەی فۆنیمی /ە/ لە وشەکانی (ئەم، پەرچەمە، چینە، هەمووی، عەسکەری، غارەتی، ماچینە، کە، سوارە) دەبینرێت، پازدە جار فۆنیمی /ە/ دووبارەکردۆتەوە. سافی بە شارەزایی و کارامەیی خۆی لە پاتکردنەوەی دەنگدا لەم دێڕە شیعرەیدا ئاواز و مۆسیقایەکی تایبەتی بە ناوەوە و دەرەوەی شیعرەکەی داوە. سافیی هیرانی لە دووبارەکردنەوەی وشەشدا وەستایانە کاری کردووە، هەروەکوو لە دووپاتکردنەوەی وشەی (چینە) لە هەردوو نیوە دێڕەکەیدا سێ جار ئەم وشەیەی بە شێوەی دوور لە یەکتری دووپاتکردۆتەوە، ئەمەش بەهەمان شێوەی دووپاتکردنەوەی دەنگ، دووپاتکردنەوەی وشەش لەم دێڕە شیعرەدا ڕیتم و مۆسیقایەکی تایبەتی بەم دێڕە شیعرە بەخشیوە. یاخود سافیی هیرانی دەڵێت:

سەردەمێ مەست و خومارە خادیمی مەیخانەیە

وەقتی تەسبیحی لە دەستە صۆفیە حەی حەی دەکا[2]       (سەرچاوەی پێشوو: 156).

لەم دێڕە شیعرەدا سافی لە دووپاتکردنەوەی فۆنیمی دەنگی /س/ لە وشەکانی (سەردەمێ، مەست، تەسبیحی، دەستە) چوار جار فۆنیمی /س/ پاتکردۆتەوە، بەم جۆرە سافی بە زیرەکی و کارامەیی خۆی دەنگی /س/ لەم وشانەدا دووپاتکردۆتەوە و مۆسیقایەکی تایبەتی بە ناوەوە شیعرەکە بەخشیوە.

هەر لەم دێڕە شیعرەدا صافی لە دووپاتکردنەوەی وشەشدا وەستایانە کاریکردووە، هەروەکوو لە دووپاتکردنەوەی وشەی (حەی) لە نیوە دێڕەکەی دووەمدا، دوو جار ئەم وشەیەی بە دوای یەکتری دووپاتکردۆتەوە، ئەمەش بەهەمان شێوەی پاتکردنەوەی دەنگ، دووپاتکردنەوەی وشە لەم دێڕە شیعرەدا ئاواز و ڕیتمێکی تایبەتی بەم دێڕە شیعرە داوە. یاخود لەم دێڕە شیعرەیدا:

هەتا ئێستێ خەیاڵ وابوو کە ڕەحمم پێ دەبا جار جار

لە مەولاوە ئومێد چۆن بێ کەرۆیی عومری شیرینم       (سەرچاوەی پێشوو: 184).

ئەم جارەیان سافیی هیرانی لەم دێڕە شیعرەیدا ئامرازی دووپاتکردۆتەوە، هەروەکوو لە نیوە دێڕی یەکەم و دووەم بە دیاردەکەوێت، کە ئامرازی لێکدەری (کە) لە ناوەڕاست و لە بەرانبەر یەکتردا لە هەر دوو نیوە دێڕەکەدا دووپاتکردۆتەوە، ئەمەش توانا و هێزی شاعیر لە جیاوازی و هەر جارەی یەکەیەکی زمان لە دووپاتکردنەوە پیشاندەداتن، دواتریش وشەی (جار)ی لە نیوە دێڕی یەکەمدا و کۆتایی نیوە دێڕەکەدا دووپاتکردۆتەوە، ئەمەش وای کردووە، کە مۆسیقایەکی چێژبەخش بە شیعرەکە

بدات. بەم جۆرە شێوازی زمانیی سافیی هیرانی تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە، کە لە دووپاتکردنەوەی یەکە زمانییەکاندا، چێژبەخشییەکی جوان و مۆسیقایەکی سەرنج ڕاکێشی بە شیعرەکە بەخشیوە.

## 1_4_3_ وشەکاری و لادانی ڕێزمانی:

لادانی ڕێزمانی زاراوەیەکی زمانەوانییە و مەبەست لێی لادانی وشەسازی و ڕستەسازییە و یەکێکە لە بنەماکانی شێوازناسیی زمانی، بەم پێیە (لادان _Displacement_ یەکێکە لەو پەیوەستانەی، کە زمانی شیعر بە شێوازناسی دەبەستێتەوە و لادانی شیعر هەڵەیەکی ئەنقەستە و بە مەبەستی ڕاستگەیاندنێکی واتایی و تایبەتی بەکاردێت)(مەحموود، 2012: 130). واتە؛ لە لادانی ڕێزمانیدا شاعیر بە مەبەست ئەم کارە دەکات، بۆ ئەوەی شیعرەکەی مەبەستی خۆی بپێکێت و فۆرمێکی جوان بە شیعرەکە ببەخشێت. هەربۆیە (لادان لەو بنەما زمانیانەیە، کە لە جیاتی ئەوەی پرۆسەی ئاخاوتن بەرەو تێکدان و لێڵی ببات، بەڵکوو دەبێتە هۆی داهێنان و جوانکاری)(عزیز، 2010: 55). بەم شێوە شاعیر بۆ بەجێگەیاندنی بنەماکانی لادان، شێوازێکی زمانی تایبەت ئەنجامدەدات، بۆ ئەوەی داهێنانێك و شێوازێکی زمانی تایبەت بە خۆی بێنێتەئاراوە، هەر بەم جۆرە (لادانی ڕێزمانی بەزاندنی یاساکانی ڕێزمانە، ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و کار لە سەر ناوەرۆك ناکات و پەیوەستە بە لایەنی وشەسازی و ڕستەسازییەوە)(دزەیی، 2012: 116). بەو هۆیەوە ریزکردن و ڕێکخستنی ڕێزمانیی یەکە زمانییەکان لە دێڕە شیعرەکاندا لە شوێنی خۆیان نایەن و بە مەبەست ئەنجامدەدرێن و ئەم بنەمایە بەکارهێنانی وشەی کۆن و نوێ و بێگانەش لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە:

نییە ئیحتیاجی پابەندیم بە قوربان

کە گیراووم بە داوی تاری گێسووت[3] (هیرانی, 2004: 158).

سافیی هیرانی لەم دێڕە شیعرەیدا بنەماکانی لادانی ڕێزمانی بەشێوەیەکی کارامەیی بەکارهێناوە، ئەویش بە پاش و پێشخستنی یەکە زمانییەکان، کە لەم دێڕە شیعرەیدا کاری ناتەواوی (نییە)ی هێناوەتە پێشەوە و (ئیحتیاجی پابەندیم بە قوربان)ی بردۆتە دواوەی نیوە دێڕی یەکەم، لادانی جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکی(من) لە نیوە دێڕی یەکەمدا، هەر بەم شێوەیە لە نیوەدێڕی دووەمدا کاری (گیراووم)ی هێناوەتە پێش (بە داوی تاری گێسووت) لەمەشیان پاش و پێشی یەکە زمانییەکانی کردووە، کە دەبوو لە سەر بنەماکانی یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی، ئەم دێڕە شیعرە بەم شێوەیە بووایە:

نیوەدێڕی یەکەم (من ئیحتیاجی پابەندیم بە قوربان بە تۆوە نییە)

نیوەدێڕی دووەم (کە من بە داوی تاری گێسووی تۆوە گیراووم)

ئەم دێڕەشیعرە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕستەیەکی ئاڵۆز، کە بەم شێوەیە:

_ کە من بە داوی تاری گێسووی تۆوە گیراووم، ئیحتیاجی پابەندیم بە قوربان بە تۆوە نییە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە سافیی شاعیر بە شێوەیەکی شارەزاییانە و زیرەکانە ئەم ڕستە ئاڵۆزەی لە ڕێگەی لادانی ڕێزمانیەوە کردۆتە ئەم دێڕە شیعرە جوانە، بەمەش لە ڕێگەی هۆنینەوەی

ئەم دێڕە شیعرەیدا شێوازی زمانی خۆی پیشانداوە. هەر لەم ڕووەشەوە سافیی هیرانی لادانی وشەسازی لە شیعرەکوردییەکانیدا بەکارهێناوە، هەروەکوو دەڵێت:

(صافی) لەبەر ئەم خاڵەیە خاڵی لە خەیاڵە

یاکێمی بە زۆردایە وەیا زۆری بە کەمدا[4] (سەرچاوەی پێشوو: 143).

غەمی خۆی بەس بوو (صافی) وا ئەمێستێ

دڵی غەمباریشی سەربارە بێ تۆ (سەرچاوەی پێشوو: 192).

سافیی هیرانی لەم دوو دێڕە شیعرەیدا وشەکانی (کێمی، ئەمێستێ)، وەکوو دوو وشەی نوێی زمانی کوردی، هێناوەتە ناو دێڕە شیعرەکانی و بەکاریهێناوە، ئەمەش بنەمایەکی تری لادانی ڕێزمانییە، بەڵام ئەمجارەیان لە ڕووی وشەسازییەوە و ئاماژەیەکی ڕوونیشە، کە شاعیر ویستوویەتی جیا لە شاعیرەکانی تر شێوازی زمانی تایبەت بە خۆی لەم ڕووەوە بخاتەڕوو. هەروەها لە نیوەدێڕی یەکەمدا دەربڕین و دەقێکی جوانی دروستکردووە، کە دەڵێت: (صافی) لەبەر ئەم خاڵەیە خاڵی لە خەیاڵە، بەمەش سافیی هیرانی لە ڕێگەی ئەم وشەکارییەوە (ئەم خاڵەیە خاڵی لە خەیاڵە) لادانێکی وشەسازی، لە پێناو هۆنینەوەی دەقێکی جوان کردووە.

**بەشی دووەم: شێوازە زمانییەکانی سافیی هیرانی:**

## 2_1_ شێوازی زمانی:

شێوازەکانی زمانی هەر شاعیرێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە بەدیاردەکەوێت، هەربۆیە ((زمان لە کاتی بەکارهێنانیدا لە کارە ئەدەبییەکاندا سیستەمێکی هێمایە و خاوەن چەند ئەرکێکی سەربەخۆیە))(ئەحمەد، 2009: 46). لەم ڕووەوە شاعیرێکی، وەکوو سافیی هیرانی لە شیعرەکوردییەکانیدا، کە خاوەنی پەیڕەو و تایبەتمەندی خۆیەتی لە ڕێگەی وشە، دەستەواژە ...هتد دەردەبڕێت، چونکە ((وشە سەرچاوەی پێکهێنەری زمانی شیعرە و ئامرازی دەستی شاعیرە))(دزەیی، 2012: 47). واتە؛ هەر ئەم وشەیەیە دەبێتە سەرچاوەیەك، کە شاعیر شێوازی زمانیی خۆی لە سەر بنیادبنێت، ئەویش لە ڕێگەی هۆنینەوەی شیعرەکانییەوە، هەربۆیە (شێوازی نوسین بریتییە لەو ڕێ و شوێن و ڕوخسارەی کە نووسەر لە نووسیندا هەیەتی. ئەویش جۆری بیرکردنەوە و هەست و نەست و سۆز و گوێگرتن و وشەبازی و داڕشتنی ڕستە و هەر شتێکی دی دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە نووسەر و نووسینەکەیەوە هەبێت))(گەردی، 1979: 9). بەم شێوەیە شاعیرێکی، وەکوو سافی شیعرەکانی، دەبنە شێوازی نووسینی، کە لەم ڕێگەیەوە بیر و هەست و سۆز و شێوازی زمانی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی جۆراوجۆر و داڕشتنی ڕستەی جیاوازەوە قاڵبی خۆی وەردەگرێت. بەم جۆرە ((بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کەسێتی نووسەرە، وەك ئاوێنەیەك وایە، وێنەی نووسەرو روخسارە تایبەتییەکەی تێدا دەبینرێت))(ئەحمەد، 2009: 48). واتە؛ دەتوانرێت، بە هۆی هۆنراوەکانییەوە، توانا و کەسایەتی و شێوازی زمانیی سافیی هیرانی و شاعیرانی تر بناسرێتەوە.

## 2_2_ جۆرەکانی شێوازی زمانی:

جۆرەکانی شێوازی زمانی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبن، ئەوانیش (شێوازی زمانی هەواڵی و شێوازی زمانی داڕشتن، دووەمیان پێکدێت لە شێوازی زمانی فەرمانی، شێوازی زمانی پرسیاری،

شێوازی زمانی خۆزگەیی، شێوازی زمانی بانگکردن، شێوازی زمانی نەرێ)(گەردی، 2013: 15). لێرەدا هەندێ لایەن لە جۆرەکانی شێوازی زمانیی، بە شێوەیەکی پراکتیکی لە شیعرەکانی سافیی هیرانی دەخەینەڕوو.

## 2_2_1_ شێوازی زمانیی هەواڵی:

شێوازی زمانیی هەواڵی جۆرێکە لە جۆرەکانی شێوازی زمانی، کە ئاخێوەر هەواڵێك بە بەرانبەرەکەی ڕادەگەیەنیت، هەربۆیە (شێوازناسەکان لە هەنگاوی یەکەمدا وا دەڕواننە زمان، کە تەرزی دەربڕین و گوزارشت لە ئاخاوتندا، کاری هەواڵدان جێبەجێدەکات)(مەحموود، 2012: 122). واتە؛ ئەو دەربڕینەی، دوای بیرکردنەوە، کە وەکوو چالاکییەك گوزارشت لە خۆی دەکات و خۆی دەنوێنێت، بریتییە لە شێوازی زمانیی هەواڵی، بۆ ئەم مەبەستە (خەبەر ئەو قسە ، یا ئەو پەیامە ، یا ئەو باسەیە، کە ڕاست و درۆ بە خۆیەوە هەڵدەگرێت)(گەردی، 1979: 15). بەم پێیە ئەم شێوازە زمانییەی، کە شاعیر، بۆ نموونە سافی دوای بیرکردنەوەی بە شیعر دەریدەبڕێت، پێکهاتووە لە شێوازی زمانیی هەواڵی، ئینجا ئەم شێوازە زمانییە، ڕەنگە ڕاست و ناڕاست لە لایەك و درۆ و نادرۆی لە لایەکی تر لێ بکەوێتەوە ، بۆ نموونە:

خۆی کوردییە (صافی) لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ

کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ئەشعار (هیرانی, 2004: 165).

سافیی هیرانی لەم دێڕە شیعرەیدا، کە قاڵبێکی شێوازی زمانیی هەواڵی هەیە، پەیامێك دەبەخشێت و هەواڵێك بە بەرانبەرەکەی دەدات، کە سافی خۆی کوردە و لە نەتەوەی کوردە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی خۆشەویستی بۆ تۆ، کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووەتە ناونیشانی، ئەمەش وا دەکات، کە سافی شاعیر بەم شێوازە زمانییە هەواڵییەی بناسرێتەوە. هەروەها سافیی هیرانی لە وەسفی یارەکەیدا، لەم دێڕە شیعرەیدا دەڵێت:

چاوی کاڵە لێوی ئاڵە روو بەخاڵە دولبەرم

زولفی خاوە لێم بەداوە یارەکەی ئەغیارەکەم[5] (سەرچاوەی پێشوو: 178).

قاڵبێکی تری شێوازی زمانیی هەواڵیی سافی لەم دێڕە شیعرەیدا، وەسفکردنی یارەکەیەتی، کە وەسفکردنیش خۆی لە خۆیدا هەواڵێکە، بەوەی کە یارەکەی سافی چاوی کاڵە و لێوی ئاڵە و ڕووی بە خاڵە و زوڵفی خاوە، کەچی خۆی لێ کردووە بە نەناسراو و هەڵسوکەوتی نابەجێی لە بەرانبەردا دەکات، بەم شێوەیە سافیی هیرانی لەم دێڕە شیعرەیدا کێشە و دژوارییەکی لە نێوان خۆی و دولبەرەکەی بە شێوازی زمانیی هەواڵی دەرخستووە.

## 2_2_2_ شێوازی زمانیی داڕشتن:

### 2_2_2_1_ شێوازی زمانیی پرسیاری:

ئەم جۆرەشیان جۆرێکە لە شێوازی زمانیی پرسیاری، هەرکە لەو ڕۆژەی مرۆڤ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، سەرنجی لە خۆی و دەوروبەری داوە و ویستوویەتی زانیاری لە بارەیانەوە بزانێت، ئەم هەوڵەشی لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە بە ئەنجام گەیاندووە، هەربۆیە (پرسیار ئەوەیە، کە داوای زانینی شتێك بکەی پێشتر نەتزانیبێ و نەیزانیبێ بۆ ئەوەی تۆش ئاگاداربیت)(گەردی، 1979: 27).

واته؛ بۆ به دەستهێنانی ئەو زانیارییە، ئاخێوەر، لە ڕێگەی وشەی پرس، یاخود بێ وشەی پرس بە دانانی نیشانەی پرسیار(؟) لە کۆتایی ڕستەکە، پرسیاری خۆی ئاڕاستەی بەرانبەرەکەی کردووە، بۆ نموونە:

_ تۆ لە کوێ دەخوێنیت؟

_ کاروان چوو بۆ بازاڕ؟

بەم شێوەیە شێوازی زمانیی پرسیاری ((بەو ڕستەیە دەگوترێ کە قسەکەر / یان نووسەر ئاڕاستەی گوێگر / یان خوێنەر دەکات بە مەبەستی بەدەست خستنی ڕاستییەك، بیر و باوەڕێك، بیرۆچکەیەك یان وروژاندنی هەستێك))(قادر، 1993: 3). بەم جۆرە ئاخێوەر، یاخود نووسەر زانیارییەکە نازانێت، بەم پێیە لە (شێوازی پرسیاری، زانیارییەکە لە مێشکی گوێگر، یان خوێنەر دایە و قسەکەر، یان نووسەر داوای دەکات)(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ، 2015: 141). لە ڕووەوە سافیی هیرانی شێوازی زمانی پرسیاری لەم دێرە شیعرەیدا، بەم شێوەیە بەکارهێناوە.

بۆچی نەگری دڵ لە سەر ئەم شێوە پەشێوە؟

وا حەبسە لە نێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا[6] (سەرچاوەی پێشوو: 142).

شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا سەرەڕای بە کارهێنانی وشەی پرسی (بۆچی)، نیشانەی پرسیاری (؟) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم داناوە، کە تیایدا ئاماژە بەوەدەکات و دەپرسێت، چۆن دڵەکەم ئێش و ئازار ناچێژێت، کە لە نێو بەشێکی قوڵایی چاوی یارەکەمدا بەندە، ئەمەش جۆرێکی ترە لە شێوازی زمانیی پرسیاریی شاعیر، کە سافیی هیرانی پێی دەناسرێتەوە. هەروەها سافی لە دێڕە شیعرەشیدا دەڵێت:

یادی وەفایی کێ بکەم؟ مەیلی هەوایی کێ بکەم؟

چارە لە لایی کێ بکەم؟ غەیری خودایی موستەعان (سەرچاوەی پێشوو: 188).

سافیی هیرانی ئەمجارەیان لە شێوازی زمانیی پرسیاریدا، بە دانانی نیشانە پرسیار (؟) و بە دووبارەکردنەوەی سێ جار وشەی پرسی (کێ) لە نیوە دێڕی یەکەم و دووەمدا، پرسی پێ لە کەسێك کردووە، کە یادی وەفایی و مەیل و هەوا و ئارەزوو و چارەسەرییەکانی بۆ بکات، دواتر هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە، کە جگە لە خودا کەسی تر نییە، بۆ ئەم مەبەستە پشت و پەنای بێت. ئەمەش شێوازێکی زمانیی پرسیارییە، کە سافی توانیویەتی دێڕە شیعرەکەی پێ بڕازێنێتەوە و مۆسیقایەکی تایبەتی پێ ببەخشێت.

## 2_2_2_2_ شێوازی زمانیی فەرمانی:

شێوازی زمانیی فەرمانی جۆرێکە لە شێوازی زمانیی داڕشتن، کە ئاخێوەر داوا لە بەرانبەرەکەی دەکات، کە گوێگرە کردەوەیەکی بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت، هەربۆیە ئەم جۆرە شێوازی زمانییە، واتە؛ ((فەرمان ئەوەیە داواکار لەرووی دەسەڵاتەوە داوا لە گوێگر بکات هەستی بە ئەنجامدانی کارێك))(گەردی، 2013: 29). بەم شێوەیە جێبەجێکردنی شێوازی زمانیی فەرمان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گەلێك کار و شێوەی جیاجیا لەخۆدەگرێت، بەم جۆرە (شێوازی فەرمان، ئەو دەربڕینەیە،

که له بەرزەوە بۆ نزمە و بۆ جێبەجێکردنە)(عەبدوڵڵا، 2023: 18). واتە؛ دەبێت، ئەو کەسەی فەرمانەکەی بەرانبەر دەکرێت، کارەکە جێبەجێبکات. بۆ نموونە:

وەرە سەر چاوەیی چاووم بنۆڕە سەیلی خوێنیم

قیاسی ناکرێ ئەصلا بە حەوزو جۆگەوو کانی (هیرانی, 2004: 244).

سافیی هیرانی لە بەکارهێنانی شێوازی زمانیی فەرمان لەم دێڕە شیعرەیدا، بەتایبەتی لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو فەرمانی بەکارهێناوە، ئەوانیش برتیین لە فەرمانی (وەرە = بێ)، کە لە چاوگی (هاتن)ەوە وەرگیراوە و فەرمانی (بنواڕە)، کە چاوگەکەی (نواڕین)ە، فەرمان بە بەرانبەرەکەی دەکات، کە وەرە لای سەرچاوەی فرمێسکەکانی من و تەماشابکە و ببینە، کە فرمێسکی زۆر و خوێناویم، لە بنچینەدا بەرانبەر حەوز و جۆگە و کانی پێوانە ناکرێت، بەم شێوەیە سافی وەستایانە و شێوازی زمانی فەرمانی بۆ دەربرینی ئێش و ئازار و فرمێسکەکانی بەکارهێناوە. لە لایەکی ترەوە صافی لە دێڕە شیعرێکی تریدا بەم شێوەیە شێوازی زمانی فەرمانی خۆی دەردەخات.

وەرە (صافی) بکە تەرکی هەوای دونیایی هیچ و پووچ

بە ئیخلاص روو لە بەغدا کە مەڵێ نیگوسارە (سەرچاوەی پێشوو: 195).

سافیی هیرانی لەم دێڕە شیعرەیدا، لە نیوە دێڕی یەکەم دوو فەرمانی بەکارهێناوە، ئەوانیش برتیین لە فەرمانی (وەرە) و فەرمانی (بکە تەرکی = تەرکی بکە)، کە چاوگەکەی (تەرککردن = وازهێنان)ە و لە نێوە دێڕی دووەمدا فەرمانی (کە = بکە)، کە لە چاوگی (کردن)وەرگیراوە و فەرمانی (مەڵێ)، کە لە دۆخی نەرێدایە، لە چاوگی (گوتن) وەرگیراوە، لە ڕێگەی شێوازی زمانی فەرمان، فەرمان بە سەر خۆیدا دەکات، کە دەڵێت: صافی وەرە واز لەم دونیا هیچ و پووچە بهێنە و بە دڵسۆزی ڕوو لە بارەگای شێخ عەبدولقادر گەیلانی بکە و بە خوا پەرستی خەریك بە و چیتر مەڵێ بەدبەختم، بەم جۆرە سافی شێوازی زمانی فەرمانی ژیرانە بۆ وازهێنان لە دونیای فانی و گەڕانەوە بۆ خواپەرستی بەکارهێناوە.

## 2_2_2_3_ شێوازی زمانیی خۆزگەیی:

شێوازی زمانیی خۆزگەیی یەکێکی ترە لە شێوازی زمانیی داڕشتن، کە ئەویش لە کاتی دەربڕینە زمانییەکاندا هەست بە خۆزگەخواستن دەکرێت، هەربۆیە ((خۆزی (التمنی)، داوای هاتنەدی یا کردنی شتێکی ئازیزو خۆشەویستە کە لەوانە نەبێ بیتەدی))(گەردی، 1979: 39_40). واتە؛ خۆزگەخواستن داوایەکە، حەز بەهاتنەدی دەکرێت، بەڵام ئەم داوایە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و لە ئێستادا ناهێتەدی، بەم جۆرە (لە شێوازی خۆزگەییدا، قسەکەر ئاواتی ئەوە دەخوازێت، شتێکی بۆ بهێنریتە ئارا، بەڵام کاتەکەی تێپەڕیوە و خۆزگەی بە هاتنەدی دەخوازێت)(ڕەسووڵ، 2015: 141). ئینجا دەکرێت، لە خۆزگەخواستندا، هەندێك لە وشەکانی، وەکوو بریا، کاشکی، خۆزگە...هتد بەکاربهێنرێت، بەم شێوەیە شێوازی زمانیی خۆزگەیی لە شیعرەکانی سافیی هیرانی بەدی دەکرێت، هەروەکوو لەم دێڕە شیعرەیدا دەڵێت:

ئەی کاش شەوی هیجران بووبا بە (صباح الخیر)

چونکێکە کە لە رۆژی رووی مەیلی نەظەرێکم بوو[7] (هیرانی, 2004: 190).

سافیی هیرانی لە دەربڕینی شێوازی زمانیی خۆزگەییدا وشەی (ئەی کاش= کاشکی= خۆزگەی) و کاری ڕابردووی سادەی دانانی (بووبا) بەکارهێناوە، لە ڕێگەی ئەم کەرستە زمانییانەدا خۆزگەیخواستووە، کە شەوی دووری لە یەکتر کۆتایی هاتبا و بووبا بە ڕۆژی بە یەکتر گەیشتن و هەواڵپرسین و گفتوگۆ لەگەڵ یەکترکردن، لێرەدا شاعیر توانیویەتی بە شێوەیەکی زیرەکانە، شێوازی زمانیی خۆزگەیی دەربرێت و خۆزگە بە هاتنەدی خۆزگەکەی دەخوازێت. سافیی هیرانی هەر لە ناو ئەم دێرە شیعرەشیدا لادانی ڕێزمانی پەیرەوکردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی وشەیەکی عەرەبی، وەکوو (صباح الخیر) و وشەیەکی نوێی کوردی، وەکوو (چونکێکە).

**2_2_2_4_ شێوازی زمانیی بانگکردن:**

شێوازی زمانیی بانگکردن جۆرێکی ترە لە شێوازی زمانیی داڕشتن، کە تیایدا بانگکراو بۆ مەبەستێك لە لایەن بانگکەرەوە هۆشیاردەکرێتەوە، بەم جۆرە ((بانگکردن بریتییە لە ورپاکردنەوەی وەرگر لە لایەن نێرەرەوە، بە مەبەستی ئاراستەکردنی داوایەك یان ئامادەکردنی وەرگر بۆ گوێگرتن لە زانیارییەك))(حەمەدئەمین، 2009: 44). واتە؛ کەسی یەکەم، کە ئاخێوەرە، کەسی دووەم، کە گوێگرە بە شێوازێکی زمانیی بانگکردن ئاگاداردەکاتەوە لە ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدانی کارێك، یان داوایەك بە پێی مەبەست، هەربۆیە (هۆشیارکرنەوە و داواکردنی ئاخێوەرە لە گوێگر بۆ وریابوونەوە لە بارودۆخێك، ئینجا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەوە، یان ئاوازەوە بێت)(گەردی، 2013: 46). بەم پێیە لە شێوازی زمانیی بانگکردندا بانگکەر و بانگکراو و ئامرازی بانگکردنی، وەکوو (ئەی، ە، ینە...هتد) ڕۆلی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم جۆرە شێوازەدا دەبینن، هەروەکوو سافیی هیرانی لەم دێرە شیعرەیدا دەڵێت:

دولبەرا دڵ بێ قەرارە چاوەکانم گریە بارە

سینەکەم هەر داغدارە یار یەکە غەم سەد هەزار[8] (هیرانی, 2004: 193).

سافیی هیرانی لە شێوازی زمانیی بانگکردندا، لەم دێرە شیعرەیدا لە وشەی (دولبەرا)، (ا = ئێ)ی کۆتایی وشەی دولبەرای، وەکوو مۆرفیمی بەندی بانگکردن بەکارهێناوە، کە بە واتای (ئەی دولبەر) دێت، مەبەستی شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا، بانگکردنی یارەکەی، لەوەدایە، کە دولبەرەکەی هۆشیاربکاتەوە، لەوەی کە دڵی بێ هودەیە و چاوەکانی پڕن لە فرمێسك و سینگی پڕە لە ئێش و ئازار، گەرچی یەك یاری هەیە، بەڵام سەد غەم و خەفەتی هەیە. هەروەها سافیی هیرانی لە شێوازێکی تری زمانیی بانگکردندا بەم شێوەیە بانگی هاوڕێیانی دەکات.

ئەی رەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن

قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار (سەرچاوەی پێشوو: 162).

هەروەکوو لەم دێرە شیعرەیدا بە دیاردەکەوێت، سافیی هیرانی وشەی بانگکردنی (ئەی) بەکارهێناوە و دەڵێت: (ئەی رەفیقان...) واتە، بانگی برادەر و هاوڕێیانی دەکات و وریایان دەکاتەوە، کە ئەی هاوڕێیان دەستکاریم مەکەن، دەرد و نەخۆشیەکەی من دووریە لە یار و هەرگیز چارەسەری برینەکانم نایەت، تاکوو بە یارەکەم شادنەبمەوە، ئەم شێوازە زمانییەی بانگکردنەی سافیی هیرانی تایبەتە بە خۆی و جێ پەنجە و مۆرکی خۆی لە سەر بەجێهێشتووە.

### 2_2_2_5_ شێوازی زمانیی نەرێ:

ئەم جۆرەشیان، واتە؛ شێوازی زمانی نەرێ، جۆریکە لە شیوازی زمانی دارشتن، لەم سۆنگەیەوە (نەرێ پرۆسەیەکە، یان ڕۆنانێکە، کە بە شێوەیەکی گشتی نەرێکردنی بەشێکی، یان سەرجەمی ڕستەکە دەردەبڕێت)(Crystal, 1992: 264). بەم پێیە بێت، نەرێکردن بریتییە لە ئەنجامنەدانی کەرتێك، یان گشت ئەوە ئەرکەیە، کە پێی دەسپێردرێت، بۆ نموونە:

_ کارۆخ چیرۆکەکەی نەخوێندەوە.

_ کاروان هۆنراوەکە ناخوێنێتەوە، بەڵام کورتیلە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە.

بەم شێوەیە ((ناکردن کردەیەکی زمانەوانیە، کە جگە لە ئەرکی سەرەکی کە جێبەجێنەکردن و بەرپەرچدانەوەی بەشێکی ڕستە یان هەمو ڕستەکەیە))(ڕەسول، 2014: 7). واتە؛ نەرێکردن لە سەر بنەمای نەکردنی کارێك دامەزراوە، ئینجا ئەم کارە، چ بە وتن بێت، یاخود بە کردار بێت، کە دەکرێت، بەشێك، یان هەمووی بگرێتەوە و مۆرفێمەکانی نەرێکردنی، وەکوو (نا، نە، نی، مە... هتد) لەم پرۆسەیەدا بەشداریدەکەن. هەر لەم ڕوانگەیەوە شێوازی زمانیی نەرێ، لە شیعرەکانی سافیی هیرانی بوونی هەیە و هەروەکوو لەم دێرە شیعرەیدا دەڵێت:

قەط مەڵێن یار بێ وەفایە وا بە ناحەق دەیکوژێ

بیکوژێ یا نەیکوژێ (صافی) فیداکاری دەکا (هیرانی, 2004: 155).

شێوازی زمانیی نەرێ، هەروەکوو لەم دێرە شیعرەی سافی بە ئاشکرا لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆرفێمی بەندی نەرێی، وەکوو (مە_) لە وشەی (مەڵێن)، کە لە شێوازی زمانییی فەرماندان دایە و (نە_) لە وشەی (نەیکوژێ)، کە لە شێوازی ڕانەبردووی دانانیدایە بە دیاردەکەوێت، شانبەشانی ئەم مۆرفێمە نەرێیانە وشەی (قەط= هەرگیز) و وشەی (بێ) و مۆرفێمی بەندی وشەدارێژی (نا_) لە وشەی (ناحەق) واتای نەرێکردن دەگەیەنن، مەبەستی صافی لەم دێرە شیعرە، ئەوەی خستۆتەڕوو، کە هەرگیز نەڵێن خۆشەویستەکەی بێ وەفایە و بە ناحەق کوشتوویەتی، بیکوژێت و نەیکوژێت، سافیی هیرانی هەر لە پێناویدا فیداکاری دەکات، ئەمە خستنەڕووی شێوازێکی زمانیی نەرێی بەهێزی شاعیر پیشاندەدات. هەروەها لەم دێرەشیدا سافی گوتوویەتی:

ئەی فەلەکا خەتام نییە کینەیی تۆ لەمن چییە

زوڵمی وا کەس نەکردییە، دەرهەق بەمن لە ئینس و جان (سەرچاوەی پێشوو: 188).

سافیی هیرانی لەم دێرە شیعرەشیدا بە مەبەستی دەرخستنی شێوازی زمانیی نەرێ، مۆرفێمی بەندی نەرێی (نی_) لە کاری ناتەواوی (نییە) و (نە_) لە کاری ڕابردووی تەواوی (نەکردییە) بەکارهێناوە و بە فەلەك دەڵێت، کە من گوناهم نییە، بۆ تۆ ڕك وکینەت بەرانبەر من هەیە، ئەم غەدرە تۆ لە بەرانبەر من دەیکەیت، هیچ کەسێك لە مرۆڤ و جن ئەو غەدرەیان نەیانکردووە، ئەمەش شێوازێکی زمانیی نەرێی سافیی هیرانیە، کە بۆتە مۆرك و هێمایەك بۆ ئەوەی شیعرەکانی پێ بناسرێتیەوە.

**ئەنجام:**

1_ سافیی هیرانی، کە خۆی خەڵکی هیران بووە، شێوەزاری ناوچەی هیران لە شیعرەکوردییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە شێوازی زمانی، کە مۆرك و تایبەتمەندی شێوازی زمانیی سافی دەناسێنێت.

2_ سافیی هیرانی لە خستنەڕووی شێوازی زمانیی شیعرەکوردییەکانیدا، بۆ ئەوەی شیعرێکی جوان بهۆنێتەوە، هەندێ جار بنەماکانی سینتاکسی، وەکوو خۆی جێبەجێکردووە و هەندێ جاریش لەم بنەمایانەی لاداوە، لە ڕستەیەکی ئاڵۆز دێڕەشیعرێکی جوانی هۆنیوەتەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە مۆرك و هێمایەك بۆ ئەوەی شیعرەکانی پێ بناسرێتیەوە.

3_ سافیی هیرانی بە مەبەستی جوانکاری بە شێوەیەکی ورد وشەکاری لە بەکارهێنانی یەکە زمانییەکاندا کردووە، هەندێ وشەی نوێی کوردی، تایبەت بە خۆی و ناوچەکەی، وەکوو (کێمی، ئەمێستێ، چونکێکە...هتد) بەکارهێناوە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی لادانی ڕێزمانی.

4_ سافیی شاعیر لە شیعرەکوردییەکانیدا یاسا سینتاکسیەکانی لە بەلوتکەکردن و دووپاتکردنەوە و ...هتد بە مەبەستی گەیاندنی پەیامە شیعرییەکەی بەکارهێناوە.

5_ سافیی هیرانی، وشەکانی لە ناو دێڕە شیعرە کوردییەکانیدا وا ڕێکخستووە، کە سەدا و مۆسیقایەکی سەرنج ڕاکێش و چێژبەخشی پێیان بەخشیوە، ئەمەش وای کردووە، کە شێوازێکی زمانی جوان بخاتەڕوو.

6_ لە شیعرە کوردییەکانی سافیی هیرانیدا، شێوازە زمانییەکانی هەواڵی، پرسیاری، فەرمانی، خۆزگەیی، بانگکردن، نەرێ...هتد وا ڕەنگیداوەتەوە، کە هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە و وەستایانە کاری لە سەر کردوون، جێ پەنجەی لە سەریان دیارە.

پەراوێزەکان:

1_ ئەم زاراوەیە، هاوشێوەی پەنجەمۆرە داڕێژراوە، کە چۆن هیچ پەنجەمۆرێك لە یەکترناچن، ئەم شێوازەمۆرە هاوتای ئەوە.

2_ ((حەی حەی: زیکری ناوی خوا، کە جۆرە دابونەریتێکی مریدو دەروێشانە))(هیرانی،2004: 156).

3_ ((واتە پێویست بەوە ناکا کە پێم بەند کرێ بە قوربان، چونکە من بە داوی زولفی تۆ بەند و گیراووم، گیراویکی وا کە دەربازبوونم بۆ نییە))(هیرانی،2004: 158).

4_ ((کێم: کەم واتە صافی لەبەر ئەو خاڵەی یارەکەیەتی هەردەم خاڵی لە خەیاڵە و بیری شتێکی کە ناکا و بەو مانایە زۆری دونیای بەکەم داوە کە ئەویش خاڵی یارە))(هیرانی،2004: 143).

5_ ((یارەکەی ئەغیارەکەم: ئەو یارەی کە خۆی لێ کردووم بە بیانی و بە دژواری ڕەفتارم لەگەڵ دەکا))(هیرانی،2004: 178).

6_ ((واتە چۆن دڵم ناڵە نەکا؟ کەوا ئێستا حەبسە لە نێو چینی پەرچەمی چاوەکانیدا))(هیرانی،2004: 142).

7_ ((ئەی کاش: کورتکراوەی (کاشکی)یە واتە (خۆزگە). فارسیە. بووبا بە (صباح الخیر): بووبایە سبەینەی خیرو خۆشی یاخود، خۆزگە شەوی هیجران رۆیشت با و بووبایە بە رۆژی بەیەکگەیشتن و چاك و چۆنی و یەکترپرسین و دواندن))(هیرانی،2004: 190).

8_ ((دولبەرا: ئەی دولبەر. ئەلیفی دوای وشەی (دولبەر) بۆ بانگ کردنە))(هیرانی،2004: 193).

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**


_ ئەحمەد، پەخشان عەلی (2009) شێوازی شیعری گۆران، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

_ حەمەدئەمین، ڕزگار واحید (2009) شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

_ دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2012) شێواز و پراگماتیك، چاپا ئیکێ، چاپخانەیا سپیرێز، دهۆك، چاپخانەیا الروضة, ئیستەنبول.

_ ڕەسووڵ، عەبدوڵلا حوسێن (2015) چەند باسێکی وردی زمانەوانی _ کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

_ ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن (2014) ناکردن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

_ عەبدوڵلا، ئیدریس (2010) شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

_ عەبدوڵلا، ئیدریس (2023) واتا لە دەرەوەی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_ عزیز، سروە فیصل (2010) بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین_ هەولێر.

_ قادر، أبوبکر عمر (1993) پرسیار لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

_ گەردی، عەزیز (1979) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، واتاناسی، بەرگی سێ یەم،چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی.

_ گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (2013) بەهاری ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم.

_ گەرمیانی، عادل (2011) تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی سەباح ڕەنجدەردا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (20)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ محەمەد، حاتەم ولیا (2009) پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە ینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

_ مەحموود، ئازاد ئەحمەد (2012) بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ ناوخۆش، سەلام (2014) فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، باشوری کوردستان.

_ هیرانی, محمدی مەلا مصطفی (2004) دیوانی صافی، کاك مصطفی کوڕی کاك عبداللەی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

_ ذريل, عدنان بن (2006), اللغة و الأسلوب دراسة, مراجعة و تقديم: حسن حميد, الطبعة الثانية منقحة, مجدلاوي للنشر و التوزيع, دمشق.

_ فارع, شحدة وعمايرة, موسى وحمدان, جهاد والعناني, محمد (2003), مقدمة اللغويات المعاصرة, الطبعة الثانية, دار وائل للنشر و التوزيع, عمان, الاردن.

_ فضل, صلاح, (1998), علم الأسلوب مبادئه و اجراءاته, الطبعة الأولى, دار الشروق, القاهرة، مصر.

_ المسدي, عبدالسلام (2006), الأسلوبية و الأسلوب, الطبعة الخامسة, الدار الكتاب الجديدة المتحدة, بيروت, لبنان.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

_Crystal, David (1992) An encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell Publishers.

_ Matthewes, P.H. (2011) the concise oxford dictionary of linguistics, oxford university press.

**Sources:**

**First: In Kurdish:**

-Ahmad, Pakhshan Ali (2009) Goran Poetry Style, Kurdology Center, Ranj Printing House, Sulaimani.

-Hama Amin, Rizgar Wahid (2009) Pronunciation in Kurdish, Master's thesis, College of Language, Salahaddin University.

-Dzeyi, Abdulwahid Moshir (2012) Method and Pragmatics, 1st Edition, Spires Printing House, Duhok, Al-Roda Printing House, Istanbul.

-Rasoul, Abdullah Hussein (2015) Some detailed discussions of Kurdish language, Volume 1, First Edition, Hevi Printing House, Erbil.

-Rasul, Abdullah Hussein (2014) Nakarn la Zamani Kurdida, 1st edition, Hevi Printing House, Erbil.

-Abdullah, Idris (2010) Style and Style, First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.

-Abdullah, Idris (2023) Meaning Outside the Text, first edition, Ministry of Education Printing House, Erbil.

-Aziz, Sarwa Faisal (2010) Principles of Cooperation in the Framework of Kurdish Acting, Master's Thesis, College of Education for Humanities, Salahaddin University, Erbil.

-Qadir, Abubakr Omar (1993) Questions in Kurdish Language, Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University.

Gardi, Aziz (1979) Psychology in Kurdish Literature, Semantics, Volume 3, Kakey Fallah Printing House, Sulaimani.

-Gardi, Mohsen Ahmad Mustafa (2013) Spring of Psychology, first edition.

-Garmyani, Adel (2011) Technique of Repetition in Sabah Ranjdar's Poems, Kurdish Academy Magazine, No. (20), Haji Hashim Printing House, Erbil.

-Mohammed, Hatem Walia (2009) Enlightenment Relationships of Entactic Acts, First Edition, Khani Printing House, Duhok.

-Mahmood, Azad Ahmad (2012) Structure of Language in Contemporary Kurdish Poetry, Second Edition, Haji Hashim Printing House, Erbil.

-Nawkhosh, Salam (2014) Nawkhosh Linguistic Dictionary, First Edition, Hevi Printing House, South Kurdistan.

-Hirani, Mohammed Mullah Mustafa (2004) Diwani Safi, Mr. Mustafa son of Mr. Abdullah Hirani, Ministry of Education Printing House, Erbil.

**Second: In Arabic:**

-Zariel, Adnan bin (2006), Language and Style Study, Reference and Presentation: Hassan Hamid, Second Edition Manqha, Majdalawi for Publishing and Distribution, Damascus.

-Far'a, Shahda and Imaira, Musa Wahamdan, Jihad and Al-Anani, Mohammed (2003), Introduction to Contemporary Languages, Second Edition, Dar Wael Publishing and Distribution, Oman, Jordan.

-Fazl, Salah, (1998), Style Science, Principles and Procedures, First Edition, Dar Al-Shorouq, Cairo, Egypt.

-Al-Masdi, Abdul Salam (2006), Style and Style, Fifth Edition, United New Book House, Beirut, Lebanon.

**Third: In English:**

_Crystal, David (1992) An encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell Publishers.

_ Matthewes, P.H. (2011) the concise oxford dictionary of linguistics, oxford university press.